# خوانی موقەدەس

**سروشت عومەر مەعروف**

تەنها تاوانیك دوعا كردبیتی ئەوە بوو رازی نەبوو لەدەوری خوانی موقەدەس كۆبیتەوە سزاكەشی ئەوە بوو كردیانە خوانیكی چەور بۆ بانگەشە كەرانی خوانی موقەدەس یەكێك رانی بەر كەوت یەكیك سنگ و مەمكی یەكیك دەسكەنەی قژی یەكیك دەمی نا بەخوێنەكەیەوە تا چۆری بری ئەم پاكیزە ناویان نابوو دوعا بەلام هەر خۆیان دوعایان پارچە پارچە كرد.دوعایان كوشت دوعایا رووتو قوت كردەوە بەلام نەیان توانی حەیایی بەرن بەڵكو رووی درندەی خۆیان بەتەواوی دەرخست وەرن ئەی رۆشنبیران ریكخراوە ئازدی خوازەكان مامۆستایان گەنجان ولاوان بائیمەش ئیتر كاتی ئەوە هاتوە حەیای ناوی دوعا بەرین تا هیچ نەبیت ئەم نەزیفە كەمیك رابگرین دوعا خانم نەبەویستی خۆی هاتە دنیاوە نەبە ویستی خۆی ژیانی بەجێهیشت گەر بیزانیایە كلتوریكی دل رەقی لەخۆبایی بێ شەرم بەو دەردەی دەبات هەرگیز رازی نەدەبوویتە ژیانەوە لەیاسایی جەنگەڵستاندا دوعا قوربانیەو بەدەستی قوربانیەكانی كوژرا لە دارستاندا هەموی قوربانی ئەوەی دیكەیە بەختیار عەلی راست دەكات دەلێت كورد قۆناغی بەربەری بەجێ نەهێشتوە. واتە ئیمە مرۆڤی سەرەتایین. لەگەڵ ئەوەی پێمان ناخۆشە كەسانی دی پێمان بلیت ئیوە حەیوانن ئیوە سەگن وەكو لەم دوایدا نوسەریك گوتبوی لە هەموو لایەكەوە دەنگ بەرز بۆوە لە رۆشنبیرو مامۆستاو قوتابیو مەلاو شیخ و رێكخراوی حیزبیو ناحیزبی كردیانە هەلاَ چۆن كابرایەك بە ئێمە دەلێت سەگ با ئەم كارەساتەش بەسەرماندا تێپەر نەبێت.چەندین كۆڕ وسیمیناری لەسەر بكریت ئەوەی لەسەر ئەم تاوانەی دوعا خانم هەڵ نەداتێ بەشدارە لەم تاوانەدا. چونكە هەزاران دوعایی دیكە بە ریوەیە تا بەو دەردەی دوعا ببریت هەر لەوشوێنە(بەعشیقە) بەر لەماوەیەك كارەساتیكی دی رویدا مالی پاریزەرانی دین نیری واتە پاریزەرانی شەرف و پاریزەرانی ناوگەلی مێنە سووتینراوەكان. تەنها لەبەر ئەوەی پركێشی كراوە كوریكی یەزیدی كچێكی موسلمانی خۆش ویستوە . لەبەرامبەر ئەوەدا كارەساتیكی گەورە قەوما مالی میر ی ئیزدی گوللە باران كرا یەلاَم ئەم جارەیان بە پێچەوانەوە كچێكی ئێزیدی بەناوی دوعا كوریكی موسلمانی خۆش ویستوە واتە كارەكە سەر بەسەرە حەق بەحەقە لەكاتێكدا ئەوەی یەك تۆز عەقل مەعریفەتی هەبێت دەزانێت خۆشەویستی نەدەنگ نەرەنگ نەرەگەز دەناسیت بەلام لەیاسای دارستاندا هەر كۆمەلەو بۆ خۆی دەژی كەس كەس ناخوێنێتەوە. ئەوانەی بانگەشەی دین دەكەن دەلین دین بۆ پیكەوە ژیان ودل ئارامی و ریكخستنی كۆمەلگا هاتۆتە كایەوە و دروست بووە . ئەی ئەم رووداوە قێزە ونە بۆ دروست بووكەدین بەرپرسیاری یەكەمە ئەی گەر وانیە بانگەشە كەرانی خوانی موقەدەس لەكوێن ئەی بۆ هەلنادەنی لەسەر ئەم جۆرەكارە قیزەونانە ئەوانەی دەلێن دەبێت دین تازە بێتەوە لەخورافیات رزگاری بكەین و بەچاویكی سەردەمانەوە لەدین بروانین ئەوانەشی دەلین گەر كۆمەلگایەك دین حوكمی تیا نەكرد واتە عیلمانی بوو فەساد و بەرەلایو درندەیی لە چلە پۆپەدایە ئەی ئەم كارە قێزە وونە لەژێر سێبەری حوكمی داب و نەریتی چەندەها سالەی كوردی موسلماندا رووی نەداوە. لەكوێن ئەی بۆ نایەن ئەم هەموو تاوانانە كە دەرهەق بەژنان وكچان ولاوان رۆژانە لە كوردستانی دین پەروەراندا دەكرێت بە بەراوردلەگەڵ قسەكانی خۆیاندا بكەن سەریان كردوە بە لمدا لەكاتێك دا ئاگایان لە هەموو ووردەكاریەكانی ئەم رووداوانە هەیە دەیانەویت خۆڵ بكەنە چاوی خەلكەوەو بەو مەبەستەی كەخۆیان دەیانەوێت لەخەلكی بگەیەنن بەتایبەتی رووداوی كوشتنی دوعاخانم لەسەر زۆر شتی ساكار هەڵئەدەنێو لەموكبەرەكانەوە لەتەلەفیزون و روژنامەكانیانەوە دەیكەنە هەڵایەك ئەوسەری دیارنەبێت بەلام بۆئەتك كردنیئەم جەستەناسكە نقەیان لیوەنایەت بگرە لە خۆشیدا خەریكە ئەتەقن لێرەوە دەستەكانیان كەشف دەبێت . ئەبێت جاریكی دیكە بەخۆماندا بچینەوە چی وا لەئیمە دەكات كویلەی ئەم كلتورە بۆگەنە دل رەقە لە خۆبایە ببین جگە لەوەی عەقلمان

ئیش ناکات  بیرکرنەوەمان سلاکبووە بۆیە ناتوانین قۆناغی دارستان بە جی بهیلین. وەرن ئەی ئەوانەی بیردەکەنەوە رۆشنیران شاعیران هونەرمەندان  لاوان گەنجان ئەوانەی چەندین سالە قوربانین بائەم هەلە لەکیس  نەبەین و لەیادەوەریماندا بەزیندوی بیهیلینەوە  چەندین لیکۆلینەوەو کۆری لەسەر بگیریت رۆمان شیعرو شانۆنامەی لەسەر دەربکریت کێنالێت ئەو بۆیەخۆی کردە قوربانی تا ئێمە بیربکەینەوە . لەسەدەی بیست ویەکدا جەستەی مرۆڤیك ئەتك کریت  لەلایەن قوربانیەکەیەوە تەنها تاوانی ئەوەبیت  حەزی کردوە خاوەنی بیرکردنەوەی خۆی بیت  ئەو مرۆڤەی خۆش ویستوە کە خۆی هەلی بژاردوە نەك بۆی هەلبژیرن واتەمرۆڤیکی دی خۆش ویستوە نەك رقی لێی بیت  گەر رقی لێی بوایە واتە  ئارەزووی نێر سالاری( (دین سالاری) لەسەر بوایە ئەم کارەساتەهەرگیز نەدەخولقا . ئازیزان گەر ئەم نەریتە ڤایرۆساویە لەناو نەبەین وەکو چۆن باوباپیرانمان قوربانین بوون و تۆوی دژە خۆشەویستی دژەعەشقیان بۆ ئیمە چاند و ئیستا  بەرەکەی دەخۆین  و ئیمەش بەو پەری دلرەقی و نا هۆشیاریەوە دەی چێنین بۆنەوەکانی داهاتوومان. عاشقان تەنها گوناحیان ئەوەیەدلۆپ دلۆپ جوانیەکانی ژیان  دەچنەوەو دەیکەن گەروی مرۆڤایەتیەوە تا بوغز کینە ئەوەندەدیکە دایان نەڕزێنیت  . دوژمنانی ئازادیوقاقا ملەی گۆرانی وموسیکا  لەبۆسەدان بۆهەموو گەرویك کەهاواری ئازادی بکات بۆ هەموو روخساریك کەنەیەویت لە دەوری خوانی موقەدەس ئاهەنگ بگیڕیت بە دەردەکەی دوعا دەبریت   ئەو  میللەتانەیدین  یان ئایدۆلۆژیایەکی گشت گیرسەر وەرو بالادەستە ، ناداد پەروەری نادیموکراسی نا ئازادی بالای لە هەوردایە نمونەشمان کەم نیە ، خۆمان یەکەمین نمونەین  هەمووومان لەیەك دەچین لە بیرکردنەوە تا جل وبەرگ وخۆراك و هەلس وکەوتمان . بۆیە   وەکو  رانە مەریك بەدوای شوانە کەمانەوە  کە (دینەو دسەلاتە) یەك یەك بەرەو سەربرین بەرەو بەردباران کردن بەرەو مرگی جۆراو جۆری ڤیزەونی ئەتك کراو دەرۆین
کاتی ئەوەیە بە تووڕەیی ئاوڕێك بدەینەوە.

- ووتەیەکی کاك( فاروق ڕفیق )ی نووسەرە

سروشت عومەر مەعروف

کوردستانی باشوور

سلیمانی